بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای (ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق)

لیژنەی (کاروباری یاسایی) و (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجییەکان) ڕۆژی (سێ شەممە ٧ ی ڕێبەندان)ی کوردی بەرامبەر بە (٢٠١٥/١/٢٧) ی زایینی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کە لەلایەن (ئەنجوومەنی وەزیران) ەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە ڕۆژی سێ شەممە بەرواری ٢٠١٥/١/٢٧ ڕەوانەی لیژنەکانمان کراوە.دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

## یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان – عێراق
## ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٥

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم: پارێزگا/ پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمدا.



لیژنەی یاسایی
Yasa@perleman.org

چـوارەم: یاسـای پارێزگاکـان/ یاسـای پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (٣) ی سـاڵی ٢٠٠٩ ی هەموارکراو.

پێنجەم: پارێزگار/ پارێزگاری هەڵەبجە.

**ماددەی (٢):**

بەدەر لە حوکمی ماددەی چوار لە یاسای پارێزگاکان پارێزگـای هەڵەبجـە ئەنجوومـەنێکی تایبـەتی دەبێـت کـەوا ژمارەی ئەندامەکانی لـە (٢٥) بیست و پێنج ئەندام زیاتر نابێـت، بـە بڕیـاری ئەنجوومـەنی وەزیـران دەستنیشـان دەکرێن، بە مەرجێك ئەندامەکان ئەو مەرجانەیان هەبێت کە لە ماددەی پێنجـەم / یەکـەم ی یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتوون، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ئەرکی ووردبینی کردنی مەرجەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (٣):**

سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی لە نێوان ئەندامەکانیاندا بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی (٤):**

سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگر و ئەندامەکانی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەیان هەیە کە لە ماددەی سێیەم/یەکەم ی یاسای پارێزگاکاندا هاتوون جگە لە بڕگەی (٥) ی، وە ئەنـدامی فەرمانبـەر بـە تەنسـیبکراو بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجومـەن دادەنرێت، بە درێژایی ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجوومەندا بۆی نیە نێوانی مووچـەی وەزیفـە و پاداشـتی ئەنجومـەن کۆبکاتەوە ، بەڵکو مافی هەڵبژاردنی هەیە لە نێوانیاندا، وە مافی هەیە لە کاتی کۆتایی هـاتنی مـاوەی ئەنـدامێتی بگەڕێتەوە سەر ئەو وەزیفەی لێی تەنسیبکراوە.

**ماددەی (٥):**

ئەر ك و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن تەنها بریتی دەبێت لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: بەدوداچوونی گشت چالاکیەکانی دەستەکانی جێبـەجێ کردنـی خۆجیـەتی لـە پێنـاو زامنکردنـی بـاش جێبەجێ کردنی کارەکان، جگە لەو لایانانەی کە لە بڕگەی (١١) ی ماددەی (٦)ی پارێزگاکان بەدەرکراون.



لیژنەیی یاسایی
Yasa@perleman.org

دووەم: پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ پارێزگار و هەماهەنگی کردن لەگەڵیدا لەم کاروبارانەی خوارەوە:

١- دانانی سیاسەتی گشتی پارێزگا.

٢- ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا و پلانی گەشەپێدانی و دیاری کردنی ئەولەویاتەکانی.

٣- ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنمایی تایبەت بە پارێزگا.

٤- دەستنیشانکردنی کاندید کراوان بۆ وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگادا.

٥- پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و چاککردنی کاری دارایی و کارگێڕی لە پارێزگادا.

**ماددەی (٦):**

ئەنجومەن بەردەوام دەبێت لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و حوکمەکانی بە بەرکاری دەمێنێتەوە تاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی حوکمەکانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**ماددەی (٧):**

یەکەم: پارێزگار بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێت کە لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، بە مەرجێك گشت ئەو مەرجانەی هەبێت کە پێویستە لە پارێزگاردا هەبن کە لە برگەی(دووەم) ی ماددەی (هەژدەم )ی یاسای پارێزگاکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، وەزیفەکەشی لەوەی تایبەتە بە ماف و ڕاژەی وەزیفە بە پلەی تایبەت دەبێت بە (بریکارە وەزارەت) و لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە دەبێت، و ئەویش بەرپرسی جیبەجێ کاری یەکەمە لە پارێزگادا، وە ئەو ئەرك و دەسەلاتانەی کە لە یاسای پاریزگاکاندا بۆی دیاری کراون پێادە دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

دووەم: هەردوو جێگری پارێزگار بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر کاندیدکردنی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە دادەمەزرێن بەو مەرجەی بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بن و خاوەن شارەزایی پسپۆڕی بن.